# ماڵی هونەرمەندێک



نوسینی
محەمەد کەساس

١٩٧٩ ٨/٧

# مامۆستا . . . .
# هونەرمەند

## « الفنان ماموستا »

نووسینی : محەمەد کەساس

سالی
**١٩٧٩**

چاپخانەی کامەرانی ـ سلیمانی ـ ت ٢٣٥٠٨

## ( یادم بکەن )

لەو دەمەیدا گوێ هەڵدەخەن بۆ تاری *
لەو دەمەیدا ( ماملێ ) دەڵێ قەتاری *
یادم بکەن ، یادی منی دوور وولات *
یادی منی ڕێبواری ڕێگای خەبات *

« هێمن »
تاریك و ڕوون - ل ٢٠٧

پێشکەشـــە:

* بە لێوی پڕ خەندەی نزارەکانی کوردستان .

* بەوانەی کە ئەبنە ژیانی شیرین .

* بەو گەلەی کە ڕۆژی لێوە هەڵدێت .

* بە هەموو هونەرمەندێکی ڕاستگۆ .

م . کەساس

١٩٧٩



ماملێی هونەرمەند

# ووتەیـــەكی كورت

ماوەیەكی زۆر بوو بەئاواتەوە بووم كە نامیلكەیەك لەچاپ بدەم دەربارەی كورتەی ژیانو گۆرانیەكانی هونەرمەندو مامۆستا (محەمەدی ماملێ) ، بەلاّم ئەوەی ڕاستی بێت هیچ سەرچاوەیەكو بەڵگەیەكی تەواوم بەدەستەوە نەبوو بۆ زیاتر شارەزابوون لەژیانی ئەمهونەرمەندە دوای ئەوەش گۆڤارو ڕۆژنامە كوردی‌یەكان لاپەڕەكانی خۆیانیان بێ‌بەش كردبوو لە بلاّو كردنەوەی شتێك دەربارەی ، وەتا ئێستاش ئەدیبو دڵسۆزانمان بایەخێكی ئەوتۆیان نەداوەتێو بەبیریاندانەهاتووە وەیان خۆیان نەیان ویستووە بەتەواوی بە جەماوەری گەلەكەمـانی بناسێنن .

جا من لێرەدا بە پێویستم زانی كەوا هەر هیچ نەبێت بـەپێی ئەو شارەزاییی‌یە كەمەی كەهەمە دەربارەی ژیانیو كاری هونـەری ئەو هونەرمەندە لە دوو توێی نامیلكەیەكدا كۆی بكەمەوەو پێشكەش بەكتێبخانەی كوردی بكەم .

وە هیوام وایە بەپێی توانـای خۆمو یـارمەتی هەنـدێ دڵسۆزو هونەر دۆست ، ئەو ئەركەی كە خستوومەتە سەرشانم بەرامبەربەو كارە پیرۆزەی كەلەبارەی ئەو هونـەرمەندە بەرزەوە ئەكرێت جێی خۆی بگرێت ، هەر چەندە بێ كەمو كوریش نیە بـەلاّم داوای لێ بووردن ئەكەم .

م . كەسـاس

٩٧٩/٣/١٥

# « سەرنجێك »

هەر کەسێك کەمێك ئارەزووی بەلای بیستنی گۆرانیەکانی ( ماملێ ) دا چووبێت ، ئەوا بێگومان ئەوەی بۆ دەرکەوتووە کە گۆرانیەکانی لەقولایی و ناخی ئاوازە ڕەسەنەکانی کوردەوە هەڵهێنجاوە وە تەنانەت بە ( موو ) یش لە مۆرکی کوردەواری لای نەداوەو لەناو بۆتەی ئاوازە کوردی یە ڕەسەنەکاندا تواوەتەوە .

ئەو داهێنانەی کە ( ماملێ ) بەدەستی هێناوە لە زیندوو کردنەوەی فۆلکلۆری کوردی بەشێوەیەکی پوختو بەتام ترو نوێ تر شایەنی ڕێزلێنانو لەسەر نووسینە .

وەئەو هەوڵو کۆششە بێ ووچانەی کە داویەتی لەپێناوی هێنانە دی ئەو ئاواتەی کە خۆی و هونەرمەندان تامەزرۆ بوون بۆ گەیشتن پێی ، ئەویش بەرەو پێش چوونی هونەری ڕەسەنی کوردی یە ، پێویستە ڕێزێکی تایبەتی لێبگیرێت .

وەك ئەزانین ( ماملێ ) خاوەنی قوتابخانەیەکی تایبەتی خۆیەتی لە هونەری گۆرانی ووتن دا ، وە لەو مەیدانەدا یەکێکە لەو شۆرە سوارە لێهاتوانەی کە ئەسپی خۆیان تاوداوە بەبێ ووچانو ماندوو بوون ، بەبێ ئەوەی چاوەڕێی هیچ پاداشتێك بێت لەجیاتی ئەو هەوڵو تەقەللایەی .

زۆرجار ئەبیستین کە ( ماملێ ) گۆرانی گۆرانی بێژێکی

تری ووتوەتەوە ، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کەلاسایی کردووەتەوە ،بەڵکو ( مامڵێ ) زیاتر هەوڵی داوە کەبەشێوەی ( طابیعی ) خۆی بیلێتو هیچ کاتێك هەوڵی ئەوەی نەداوە کە دەقاو دەق ئەو گۆرانی یە چۆن ووتراوە ئەم بیلێتەوە ، ئەوەش لە نرخی گۆرانی یەکە کەم ناکاتەوە بەڵکو پلەی بەرزتر ئەکاتەوەو زیاتر بەگوێی بیستەران ئاشنائەبێتو لە دڵو دەروونیاندا جێی خۆی ئەگرێتو بەهیچ جۆرێك کارناکاتە سەر داهێنانو شێوازی خۆی وەك ( لینین ) ئەڵێت :[هەموو کەسێك سەربەستە لە دەربرینی هەستی داهێنان ( ئیبداع ) و ئەو شێوازەی بەکاری ئەهێنێو بەمەرجێك لە پێوەری ڕاست دەرنەچێ[١] .

( مامڵێ ) خاوەنی ئەو دەنگەیە کەشان بەشانی خوێندنی کەوی کوێستانو بولبولی سەرچڵی شادمانی بەبێ ووچان ڕێگەی بێ کۆتایی ئەو هونەرەیان گرتووە کەخواستو ئاواتو ئارەزووەکانیانـــە وەك ( ارنیست فیشر ) دەڵێت : ( هەموو شتێك سنووری خۆی هەیە ، تەنها ئاواتەکانی مرۆڤ نەبێ کە هەرگیز برانەوەی بۆنی یە )[٢] . وە توانیویەتی ئـــەوەی کە لەسەرشانیەتی بەرانبەر بـــەو هونەرە تـــا ڕادەیەکی باشو پوخت بیبات بـــەڕێوەو درێغی نەکردووەو شەوو ڕۆژ پەپووەی وەنەوزی لەسەر پێلووی ئارامی تەراندووەو بەگـــڕ

---

[١] الادب والفن ف ا لينين . ج (٢) .

[٢] ارنيست فيشر ـ الاشتراكية والفن .

نامۆیی‌و ناهەمواری‌دا چووەو هەموو کاتێك ئامادە بووە لە پێناوی هونەرەکەیدا گیان بەخت بکات ، ئەوەیە نیشانەی هونەرمەندی راست‌و خاوێن ، بەبێ ئەوەی خیانەت لە خۆیی‌و لەو هونەرە بکات .

م . کەساس

نیسانی ١٩٧٩



دوو گەورە
هونەرمەندی
کورد

**محمد**
**ماملێ**
**و**
**محمد**
**دانش**

# کورتەی ژیان و
# کاری هونەری ماملێ ..

ئەم هونەرمەندە لە یەکێك لە کوچەکانی شاری ( مەهاباد ) لە کوردستانی ئێران لە ساڵی ( ١٩٢٥ ) ی زایینی دا خونچەی تەمەنی پشکوتووەو چاوی بەم جیهانەدا هەڵهێناوەو بووە بەئاشنای ژینی پڕلە چوستو چالاکی .

ناوی ( محەمەد ) ەو باوکی ناوی ( عەلی ) یەو هەر لەمنداڵییەوە حەزی لەم هونەرە کردووەو بەهرەی تیابەدي کراوە ، بەڵامیەکێك نەبووە هانی بداتو پەرە بەبەهرەی نەبڕاوەی بدات .

( مام عەلي ) باوکی لەسەردەمی ڕژێمی پاشایەتی عیراق دا لە شاری ( سلێمانی ) ئەبیتو بەهۆی نەخۆشی زگماکییەوە لە بینینی دنیای ڕۆشن بێبەش ئەبێتو هەردوو چاوی کوێر ئەبێت ، لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی خۆیدا سەر بە کۆمەڵێکی سیاسی بوون دژی ڕژێمی پاشایەتی پاش ئەوەی کەوا بەتەواوی جێیان پێ‌ەق کرابوو بەرەو ( ئێران ) مل ئەنێنو لە شاری ( مەهاباد ) مام عەلی ئەگیرسێتەوە ، لەوێ سەر لە نوێ ژیانی دەست پێدەکاتەوەو هاوسەر بۆ خۆی ئەدۆزێتەوەو جێگیر ئەبێتو هەر چۆنێك ئەبێت ژیان ئەبەنەسەر تاوەکو ( محەمەد ) ی کوڕي لەپەنجەرەی ژیانەوە سەر

دەردێنێو بەجیھان شاد ئەبێت .

( محەمەدی ماملێ ) نازناوی ( ماملێ ) ی لە باوکی‌یـــەوە بۆ ماوەتەوە واتە ( مام عەلی ) .

( مام عەلی ) باوکی زۆر خۆشـــەویست بووە لای خەڵکی و دانیشتووان ، چونکە هەموو دەم بووەتە هۆی گەرم کردنی چەندەها کۆڕی شەوانو گۆێ ئاگردانی زستان ، ووشەی ( مام عەلی )هەمیشە بووبوە بنێشتەخۆشەی ژێر ددانی خەلکی بۆ دەنگە بەسۆزو زوڵاڵەکەی ئەبـەر ئەوەی لەسەر زمان بـــەگران هاتووە بۆیان ، کورتیان کردووەتەوەو کردویانە بە ( ماملێ ) لە ئەنجامی لێکدانی هەردوو ووشەی ( مام ) و ( عەلی ) .

( محەمەدی ماملێ ) زۆر هێمنو لەسـەرخۆیە ، لەقسە کردن دا تاوەکو بڵێی تێگەیشتووەو سنگی زۆر فراوانەو خاوەنی لێبوردنێکی بێ پایانەو بەپێی بەرامبەر ، کەی خۆی دەگونجێنێتو بەبەڵگەی‌زانستیانە ڕاستی قسەکانی دەسەلمێنێتو مرۆڤێکی زۆر پێش کەوتنخوازەو تابڵێی لە جیھانی ڕووداودا ئەژی .

کاتێك کەگۆرانی ئـــەڵێت زیـاتر حەز ئەکات کە ئامینەخانی هاوسەری بەرامبەری بێتو چاوببرێتە چاوانیو نەیتروکێنێ ،چونکە ئەبێتە هۆی هەڵھێنجانی ئلیھامی گۆرانیەکانی .

شتێکی ئاشکرایە لەگەڵ لەرینەوەی ژێیەکانی قورگیو پەیدابوونی

ئەو دەنگە زوڵاڵەو پڕ لەسۆزەدا ، بەرامبەرەکەي دەخاتە جیهانێکی پڕتاسەو یادگارەوە ، شەپۆلـەکانی دەنگی کاتێ کەلێی جیادەبنـەوەو بەرەو هەوارگەي جۆراو جۆری خۆیان کۆچ دەکەن ، بە شێوەیەکی وا کاریگەرە کەهەرچی هەوری ناســۆری و تـەمی ئازار هەیــە ئەیرەوێنێتەوە .

مامۆستا ( محەمەدی ماملێ ) تیپی مۆسیقای تایبەتی خۆی هەیەو زۆرجاریش لەگەڵ خۆیدان و هەمووشیان هاوڕێی خۆشەویستی ماملێن لەبەر بەرژەوەندی تاکە کەسی و خودی خۆیـان دوای نەکەوتوون ، بەڵکو لەپێناوی ئەو بەهرەو هونەرە بەرزەداو لەپێناوی بەدي هێنان و پەرەپێدانی ئاوات و ئارەزوو پێش خستنی هونەری کوردی دایە .

زۆربەی کاتی بێ ئیشی خۆی بەهەڵـدانەوەی لاپەڕەکانی گۆڤـارو ڕۆژنامەو کتێبەوە بەسەر دەبات و لەگەڵ ئەو بەهرەیەش دا ڕۆشنبیرێکی بە توانایشە .

لە شاعیرە کلاسیکی یەکان ( گۆران و هەژارو هێمن ) ی بەدڵ و پڕ بەدڵ حەز لە شیعرەکانیان دەکات بەڵام مامۆستا گۆران لەسەروو هەموویانەوە دادەنێت ، وەلە ئاوازە کوردی یەکان و شێوەکانی (حەیران و قەتارو ئەڵڵاوەیسی ) زۆرکاری تێدەکەن و لە ناخەوە دەیهەژێنن ، وە هەموو گۆرانی و بەرهەمەکانی خۆی بەپارچەیەك لە جگەری ئەزانێت وە هیچ کاتێکیش دەست بەرداریان نابێت .

لە گۆرانی بێژە کوردەکاندا مامۆستان ( تایەر تۆفیق - فؤاد ئەحمەد - عەلی مەردان - ڕەسوڵ گەردی - عارف جەزراوی - حەسەن جەزراوی - خەلیلی صدیقی - حەسەن زیرەك ) ی خۆش دەوێ‌و هەمیشە حەز لە دەنگیان دەکات ، بەڵام ( کابوکێ ) ی حەسەن جەزراوی زۆرکاری تێدەکات‌و هەمیشە تامەزرۆیە بۆبیستنی وەك خۆی دەڵێ : [ بەڕاستی کابوکێی حەسەن جەزراوی زۆر نایابە‌و هونەری بەرزی کوردی‌ی تیابەدی دەکرێت ](١) .

وە یەکەم ئاهەنگی کە پێی چووەتە جیهانی هونەری گۆرانی وتنەوە ، ئاهەنگی وەیان گۆرانی ( هەر دەڕواو بەجێم دێڵێ )بووە لە بارەی شاعیران‌و بوێژانەوە ڕای خۆی دەرئەبڕێت‌و ئەیخاتە ڕوو وە ئەڵێت : [ بەلای منەوە شاعیر دەبێ ئاوێنەی دەروونی کۆمەڵ بێ‌و شیعرێ بڵێ کە هەموو کۆمەڵ لێی تێبگات ](٢) . وە دڵداری وخۆشەویستی بەشتێکی سەرەکی‌و بناغەیی مرۆڤ دادەنێت‌و لێی جیا ناکاتەوە . لە زۆربەی گۆرانیەکانی‌دا دیمەنی بەهارو خێڵ‌و هەوار خۆی ئەنوێنێ وەك خۆی دەڵێت : [ لای ئێمە هیچ وێنەیەك وەیان هیچ دیمەنێك جوانترو ڕازاوەتر نیە لەوەی کەلەبەهاردا خێلان دەچن بۆ کوێستان‌و بەناو ئەو هەموو هەڵاڵەو سێ سنەو بەیبوونە

[١] لە دانیشتنێکدا کە ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵی کراوە .

[٢] لە دانیشتنێکدا کە ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵی کراوە .

جوانانەدا کەبەراستی جوانن، لە گۆرانیەکانی مندا هەرگیز بـــەو جۆرە جوان نییە کەبەچاو دەبینرێ ](١). وەسروشت بەسەرچاوەی جوانی دادەنێت و دەنگی لەگەڵ دەنگی ( کیتس ) ی شاعیردایە کە دەڵیت : [ جوانی ڕاستییە ، ڕاستیش جوانی ](٢) وەهەر لەجوانی سروشتەوەیە ئیلهامی گۆرانیەکانی هەڵدەهێنجێت .

( حەمەدی ماملێ ) سێ ژنی هێناوە بەڵام لەبەر چەند هۆیەکی تایبەتی دوانەکەی پێشووی لەلا نەماوەتەوەو ئێستا ئەوەی کە تـاکە هاوبەشی خەم و خۆشی و ناخۆشییەتی ناوی ( ئامینە خان ) ەو لـەم ژنەی دوو کوڕو دوو کچی هەیەو بچووکترین کوڕی ناوی(چالاك)ە وەك خۆی دەڵێت : [ کوڕە بچکۆلـەکەم ناوی چالاکە ، بەخۆشی مامۆستا ڕەفیق چالاکەوە ناوم ناوە ](٣) . مامڵێ لە یەکەم هاوسەری کوڕو کچێکی گەورەی هەیە ، کە کوڕەکەی ئێستا پـــارێزەرەو کچەکەشی خێزانی مامۆستایەکە لە شاری ( مەهاباد ) ، وە زیاتر لە ( ٦٠٠ ) شەش سەد گۆرانی ووتووە بەڵام زوربەیان نەبیسراون.

سەرەرای ئەم هەموو هەوڵ و تەقەللاو سوتان لە پێناوی هونەرو بەهرەکەیدا دەڵێت گەر گۆرانی ووتن بۆ من هیچ سودێکی نەبووبێ

---

[١] لەدانیشتنێکدا کەساڵی ١٩٧٤ لەگەڵی کراوە .

[٢] چەند مەسەلەیەکی شیعری ( شیرزاد عبدالرحمن ) لاپەرە(٣٦)

[٣] لە دانیشتنێکدا کەساڵی ١٩٧٤ لەگەڵی کراوە .

ئەوا بووەتە سارێژکەری برینی ئاوارەیمو کەفو کوڵی خەمەکانی دامرکاندۆتەوە ، وەك ( ڕەشاد ئەبو شاور ) دەڵێت : ( ئەگەر نووسین بۆ من هیچی نەکردبێ بووەتـە ئارامو خەمەکانی ئاوارەیمو ئـــەم ئاوارەیی‌یەمی بەهەمەوو دنیا گەیاندووە ) [١] .

[١] مقابلة مع ( رشاد أبو شاور ) مجلة ( الاقلام ) عدد [٧]



حەمەی مامڵێو مامۆستا عەتا قەزاز لە ساڵی ١٩٧٤ لەمەهاباد گیراوە

مامێ سەرەتای دەست پێ کردنو چاو هەڵهێنان بەو هونەرەدا بەبەهرەی لەپساوی‌و توانای هونەری خۆیەوە لە دەرگای جیهانی دلداری‌و خۆشەویستی داوەو ویستوویەتی خواستو ئارەزووەکانی لە ڕێگەیەوە دەرببڕێت‌و ببێتە تاقەهۆیەك بۆچونەناو ئەم جیهانە فراوانەوە لەوەدا لێرەدا لەگەڵ خۆشەویستەکەی نێوانیان تێك چووەو ( بەکر هەرگەوەر )[۱] لە نێوانیاندا چەکەرەی کردوەو بووەتە هۆی تێك داڕیان ، بەڵام مامێ هەروەکو بولبول چۆن تامەزرۆیە بۆ فەسڵی بەهار کە جوانترین وەرزی ساڵە ، تاکو پڕبەپڕی قوڕگی دەنگ هەڵبڕێ‌و بخوێنێ‌و بگات بەمەرام‌و مەبەستی خۆی ئەمیش هەروەها وەکو دەڵێت :

وەك بولبولان فەسلی بەهار
شەوو ڕۆژو لەیل‌و نەهار
دەناڵێنم بۆ وەسلی یار
هەر دەڕواو بەجێم دێڵێ

مامێ لەسەر ئەو شێوەیە بەردەوام دەبێت‌و خۆشەویستەکەی‌لەلا شێوەکی سەرەکی‌و پاڵ پێوەنەرێك بووە بۆ ووتنی گۆرانی و خۆدان لەبەرەی ئەو هونەرەو بەرزبوونەوەی ئاستی هونەری لەو بوارەدا .

ئەبینین لێرەدا تەنانەت تۆزی ڕێگەی یارەکەی دادەنێت‌و بەشیری

---

[۱] نیشانەی پیاو خراپی‌و لێك جیاکردنەوەی دوو دڵە .

ساغی گۆی مەمکی دایکی ، چۆن ساوایەك بەبێ مەمکی دایکی ناژیو حەز ئەکات بەشیری ئەو مەمکە گۆش بکرێت ، ئەویش زۆر بەحەسرەتەوە بووە بۆ ئەوەی کەبە یارەکەی بگاتو لەپێناویا گیان بەخت بکات ، سەرەڕای ئەم هەموو ئاواتو خۆشەویستی یە پاكو بێوێنەیە بەرامبەر بەو بەڵام ئەم بەهیچ جۆرێك لای لێ ناکاتەوەو بەبێ وەڵامو چاوەڕوانی جێی دەهێڵێتو ئەیهێڵێتەوە ، تەنانەت جوانی ڕوخساری یارەکەی داناوە بەتاقە هۆی مانەوەی ژیانیو هێزی ئەژنۆو دڵی یەتیو هەمیشە لەدووریا شینو واوەیلایەتی .

خاکی کوچەی یارەکەم وەك شیری ساغی ژینمە
جوانی ڕوخسارو نیگاری هێزی ئەژنۆ و تینمە
بۆچی بەم دەردەم ئەبەی تۆ خۆت ئەزانی حاڵەکەم
بۆ قژی ژاکاوو لوولت دایمە هەر شینمە

دوای ئەوەی کە نائومێد دەبێ لەدیداری یارەکەی ، شەوان لەبەر مۆمی عەشقی خۆیا چەندەها یادگار دروست دەکاتو ئەیانهێنێتەوە بەرچاوی خۆی بەنیازی ئەوەی کەمێك سەبووری گیانو دڵو دەروونی خۆی بداتەوەو هێمن بێتەوە ، بەڵام ئەم وەك پەروانە بەدەوری شەمعی شەیدایيو خۆشەویستی ئەودا ئەسوڕایەوەو زیاتر بە گڕی عەشق ئەسووتاو زیاتریش نائومێد ئەبوو .

هەتا بهێنم بۆ تۆ دەیێنم
زەکاتی ماڵتان گیانو گیان وەی لەتۆدەسێنم
لەدەردی عیشقو لەتاوی دووری
هەرچەندی دیکەم گیانو گیان وەی نابم سەبووری

سەرەرای ئەو عەشقە پیرۆزەو سووتان لەپێناویا ، یارەکەی یارگەو کۆچیاو کۆئەکاتەوەو بەرەودوا هەوارگەی خۆی کۆچ ئەکاتو بۆ دواجار ماڵ ئاوایی لێدەکاتو هەرچی مەینەتیو ناسوری هەیە بۆ ماملێ بەجێ ئەمێنێو ئەبێتە ئێشکو گری خەمەکانی وەك ئەڵێت:

زەمانە گوڵێکی دامێ لێی ستاندم
بۆنم پێوەنەکرد لێی هەڵپساندم
ریشەي جەرگو دڵم بوو ئەو گوڵەي من
فەلەك زۆر بێوەفا بوو لێی ستاندم

( شێرکۆ بێکەس ) دەڵێت [ هونەرمەندي راستەقینە ئەوەیە کەلە ئەمرۆي تیایا ئەژي رازي نەبێو خەو بەسبەینێوە ببینێو ئەو جیهانە بنیات بنێ کەبڕواي پێیەتی ، نەك ئەو جیهانەي کە تیایا ئەژي ] ، ماملێش هەمیشە هیواو ئاواتەکانی لە ناخیا سەوزن و چەکەرەیان کردووەو خەویان بەدوا رۆژێکی نزیکو رووناکەوە بینیوە ، تاکو ئەو کاتەي سەرئەنێتەوە بەو ئاواتانەوە ، هیواي بەو

دوا ڕۆژە هەبوەو هەیە کەخۆی ویستویەتی‌و ئەیەوێت ، ئەوەتا لێرەدا ئاوات بەو شوانە دەخوازێ کەلەبـــەر ئریەی مانگەشەو لەسەر بەردو تاوێر دانیشتووەو پەنجەی لەسەر شمشاڵەکەی داناوەو ئاوازی جۆراو جۆر لێدەدات‌و خەمەکانی پێدەنێتە چاڵ :

هەزار خۆزگەم بەخۆت شوانە
کە بەو مانگە شەوە جوانـــە
دانیشتووی لـــە ڕژدو هەڵدێر
قامکان دەبزێوی لــــە بلوێر
دەگەڵ تـــــەبیعەت هاودەمی
شـــادی ، بە کەیفی ، بێ‌خەمی

لێرەدا ەگەینە ئەوەی کەوا مامۆستا گلەیی لە بەختی خۆی‌دەکات و ناسۆر هەڵدەڕژێت ، بەوەی کەوا خەونەکانی نەهاتە دی‌و خۆشی ژیانی نەچەشتووەو تەنانـەت بۆ تەنها جارێکیش پەپوولەی شـادی و کامەرانی بەسەرچڵی درەختی ژیانی‌یەوە ئارامی نەگرتووەو هێلانەی لەسەر نەکردووە ، وەك دەڵێت :

ژیـانم پڕ لـــە ڕەنجە و نـامرادی
بە هەڵکەوتیش نەهاتم تووشی شادی
دڵم هێند تەنگە هەر جێی تۆدەبێ‌و بەس
ئـــەتۆش مەحکومی حەپسی ئینفرادی

× ×× ×

# ( هەوری لە کوڵ )

ووتنی : مامڵێ

هۆنراوە : فۆلکلۆر

بێکە بە خاتر جوانێ گیان حەزرەتی موسا
گەر موسڵمانی جوانێ گیان تەفرە دان بەسە
هەوری لە کۆڵ ، بازنە لە قۆڵ
سینگ نەرم و نۆڵ
وەختە لە سوێت بمرم
ئەی بەری بەیانان پێم خۆشە
لە باوەشت بگرم

(()) (()) (())

کۆرپەی دڵەکەم جوانی گیان گریەو زاردەکا
بۆ خۆت دەیزانی جوانێ گیان بۆ هاوار دەکا
هەوری لە کۆڵ ، بازنە لە قۆڵ
سینگ نەرم و نۆڵ
وەختە لە سوێت بمرم
ئەی بەری بەیانان پێم خۆشە
لە باوەشت بگرم

(()) (()) (())

ئاخ هەناسەی ساردم ئەی هاوار دە مالم کەرێ
ئەو شادیەت بێمەیل یارەبی لێت وەشێن کەرێ
هەوری لە کۆڵ ، بازنە لە قۆڵ
سینگ نەرم و نۆڵ
وەختە لە سوێت بمرم
ئەی بەری بەیانان پێم خۆشە
لە باوەشت بگرم

## « ئازیــــزەکەم »

ووتنی : ماملێ
هۆنراوە : فۆلکلۆر

بەد کاری بەدخوو ئازیزەکەم خوێن مژو خوێن خۆر
بۆ ڕەزای خودای هەردوو دیدەم بەسیە زۆڵم و زۆر
بۆ من لە جوملەی ئازیـزەکەم عەبـدی خودا نیم
سەعاتێك لە دەس هەردوو دیـدەم میحنەت ڕەهانیـم
غەمبارت کردوم ئازیــــزەکەم زۆر بێ ئەنـــدازە
بە قات پێناکەم هەردوو دیـــدەم کیژ بێ مەجازە

# « موونا پسێنم »[۱]

ووتنی : مامڵێ

هۆنراوە : هێمن

ئەمن دەەگوت لە دنیاتا بمێنم
لە بەر کەس ئەستەمە سەر دانوێنم
کەچی ئێستا لە داوی بسکی تۆدا
گرفتارم گوڵم موونا پسێنم
جوانێ گیان بۆ وات لێ کردم
بە قسەی خەڵکیت لەگەڵ کردم
یاخودا بەدکار بێ بە پردم
چ قسەی چاکت بو نەکردم

() () ()

ژیانم پڕ لە ڕەنجە و نامرادی
بە هەڵکەوتیش نەهاتم توشی شادی
دڵم هێند تەنگە هەر جێی تۆ دەبێ و بەس
ئەتۆش مەحکومی حەپسی ئینفیرادی
جوانێ گیان بۆ وات لێ کردم
بەقسەی خەڵکیت لەگەڵ کردم

[۱] تاریك و ڕوون - هێمن - ۱۹۷٤ لاپەڕە ( ۱۲۹ ) .

یا خودا بەدکار بێ بە پردم
چ قسەی چاکت بۆ کردم

× ×

قەرار بوو بێی لەگەڵ خۆت شادی بێنی
نەهاتی گەرچی پێت دابووم بەڵێنی
لەناو کوردا نەبوو پەیمان شکاندن
لەکوێ فێربووی گوڵم پەیمان شکێنی
جوانێ گیان بۆ وات لێ کردم
بەقسەی خەڵکیت لەگەڵ کردم
یاخودا بەدکار بێ بەپردم
چ قسەی چاکت بۆ نەکردم

× ×

ئەگەر چی ڕۆیی ، قەت ناچی لە یادم
دەکەم یادت ، بەیادی تۆوە شادم
کە بارگەت بۆ هەوار تێك نا عەزیزم
شکا ئەستوونەکی تاوڵی مرادم
جوانێ گیان بۆ وات لێ کردم
بەقسەی خەڵکیت لەگەڵ کردم
یاخودا بەدکار بێ بەپردم
چ قسەی چاکت بۆ نەکردم

ئاخ هەناسەی ساردم ئەی هاوار دە ماڵم گەڕێ
ئەو شادیەت بێمەیل یارەبی لێت وەشێن گەڕێ
هەوری لە کۆڵ ، بازنە لە قۆڵ
سینگ نەرم و نۆڵ
وەختە لە سوێت بمرم
ئەی بەری بەیانان پێم خۆشە
لە باوەشت بکرم

...—●◎●—...

## « ئازیــــزەکەم »

ووتنی : مامڵێ
هۆنراوە : فۆلکلۆر

بەد کاری بەدخوو ئازیزەکەم خوێن مژو خوێن خۆر
بۆ ڕەزای خودای هەردوو دیدەم بەسیە زوڵم و زۆر
بۆ من لە جوملەی ئازیزەکەم عەبدی خودا نیم
سەعاتێك لە دەس هەردوو دیدەم میحنەت ڕەهانیم
غەمبارت کردوم ئازیــــزەکەم زۆر بێ ئەنـــدازە
بە قات پێناکەم هەردوو دیـــدەم کیژ بێ مەجازە

# « موونا پسێنم »[١]

ووتنی : ماملێ

هۆنراوە : هێمن

ئەمن دەمگوت لە دنیاتا بمێنم
لە بەر کەس ئەستەمە سەر دانوێنم
کەچی ئێستا لە داوی بسکی تۆدا
گرفتارم گوڵم موونا پسێنم
جوانێ گیان بۆ وات لێ کردم
بە قسەی خەڵکیت لەگەڵ کردم
یاخودا بەدکار بێ بە پردم
چ قسەی چاکت بو نەکردم

(()) (()) (())

ژیانم پڕ لە ڕەنجە و نامرادی
بە هەڵکەوتیش نەهاتم توشی شادی
دڵم هێند تەنگە هەر جێی تۆ دەبێو بەس
ئەتۆش مەحکومی حەپسی ئینفیرادی
جوانێ گیان بۆ وات لێ کردم
بەقسەی خەڵکیت لەگەڵ کردم

---

[١] تاریک‌و ڕوون - هێمن - ١٩٧٤ لاپەڕە ( ١٢٩ ) .

یا خودا بەدکار بێ بەپردم
چ قسەی چاکت بۆ کردم

× ×

قەرار بوو بێی لەگەڵ خۆت شادی بێنی
نەهاتی گەرچی پێت دابووم بەڵێنی
لەناو کوردا نەبوو پەیمان شکاندن
لەکوێ فێربووی گوڵم پەیمان شکێنی
جوانێ گیان بۆ وات لێ کردم
بەقسەی خەڵکیت لەگەڵ کردم
یاخودا بەدکار بێ بەپردم
چ قسەی چاکت بۆ نەکردم

× ×

ئەگەرچی ڕۆیی ، قەت ناچی لە یادم
دەکەم یادت ، بەیادی تۆوە شادم
کە بارگەت بۆ هەوار تێک نا عەزیزم
شکا ئەستوونەکی تاوڵی مرادم
جوانێ گیان بۆ وات لێ کردم
بەقسەی خەڵکیت لەگەڵ کردم
یاخودا بەدکار بێ بەپردم
چ قسەی چاکت بۆ نەکردم

# گیان و گیان و گیان

ووتنی : ماملێ

هۆنراوه : فۆلکلۆر

هەتا بمێنم بۆ تۆ دەمێنم
زەکاتی ماڵتان گیانو گیانو گیان وەی لە تۆ دەسێنم
لە دەردی عیشق و لەتاوی دووری
هەر چەندی دەیکەم گیانو گیانو گیان وەی نابم سەبووری
تەنیا ماومەوە نەخۆشو ڕەنگ زەرد
لەقەومو لەخوێش گیانو گیانو گیان کەوتوومەوە دەرد
ئازیز بیستوومە زۆر پەرێشانی
بەشەوو بەڕۆژ گیانو گیانو گیان وەی چاو بەگریانی

# غـــەزەل [١]

ووتنی : مـاملــێ . . . . . . . . . هۆنراوە : کامیل

من دەڵێم : شاری دڵم باغو گوڵستانە دەچم
عەقڵ دەڵێ : ( نا ، قەسەبە شۆرشی مەستانە ، نەچی )
من دەڵێم : نوختەیی ئەو ڕەوزەنی ئیمانە دەچم
ئەو دەڵێ : ( نارەشە ، جێڕاوگەیی شەیتانە ، نەچی )
من دەڵێم : مەسکەنو ئارامگەیی جانانە دەچم
ئەو دەڵێ : ( سەربەسەری تێك چووە ، وێرانە ، نەچی )
من دەڵێم : جێگەیی هەر شێتو جوونانە دەچم
ئەو دەڵێ : ( نا ، زەدەیی پەنجەی پەریانە ، نەچی )
من دەڵێم : مەرکەزی ئەسواری حەریفانە دەچم
ئەو دەڵێ : ( جێ تەمەی چاوی حەسوودانە ، نەچی )
من دەڵێم : وەختی خەتەر مەئمەنو قەڵخانە دەچم
ئەو دەڵێ : ( کون کونە ، جێگەی سەری پەیکانە ، نەچی )
لەم هەموو چوونو نە وونە سەری سووڕما ( کامیل )
من دەڵێم : جوانە بچم ، ئەو دەڵێ ( وا جوانە ، نەچی )

---

[١] گۆڤاری ڕۆژی کوردســتان - ژمارە (٣٣) تشرینی دووەمی (١٩٧٥) ، لاپەڕە (٥١) .



محمدی ماملێ و چەند هاوڕێیەکی لە ساڵی ١٩٧٤ لە مەهاباد
گیراوە

# ســـــــــەوزە

ووتەی : مــاملێ . . . . . . . . . . هۆنراوە : فۆلكلۆر

خەتای من نیە سەوزە گیــان تۆ چاوت دێشێ
دایكی خۆت نیە سەوزە گیان نازت بكێشێ
سەوزە مەڕۆ سەوزە گیان سەوزەلەی مالم
نەخۆش نەكەوی سەوزە گیان نەشكێنی بــالم
ڕەبی كافر بە حــالم

چاوت ئەستێرە سەوزە گیان ڕوو لە كۆ دەكا
ئەو دلەم وەسوەسەی سەوزە گیان بالای تۆ دەكا
سەوزە مەڕۆ سەوزە گیان سەوزەلەی بابی
خۆمن زۆو زانیم سەوزە گیان تۆ بۆ من نابی
ئاخر ئای بێ بەلا بی

خودا دەیزانێ سەوزە گیان بۆ تۆ نەخۆشم
خەلك بێ ئەمە سەوزەگیان من غەم دەفرۆشم
سەوزە مەڕو سەوزە گیان سەوزەلەی منداڵ
لێو پەڕەی كاغەز سەوزە گیان تازەت ڕشتووە خاڵ
ئاخر زوو بێرەوە ماڵ

# زەمانـــــــــە

ووتنی : مـاملـــێ

زەمانە گوڵێکی دامێ لێی ستاندم
بۆنم پێوە نەکرد لێی هەڵپساندم
ڕیشەی جەرگو دڵم بۆ ئەو گوڵەی من
فەلەك زۆر بێ وەفا بوو لێی ستاندم
ئای گوڵەکەم ، وی گوڵەکەم ، بۆن خۆشەکەم
پاشی باڵاکەی تۆ دڵ بەکێ خۆش کەم
شایی‌و شینم تێکەڵ بوو ئەی گوڵی من
بەهارە پەڕپەڕە ژاکا گوڵی من
سەبەب کارت زەلیل‌و قوڕ بەسەر بێ
شەوو ڕۆژ خواردنی خوێنی جگەر بێ
غەریب مابووم لە تارانێ بۆ وات کرد
ئەسیر مابووم لە زیندانێ بۆ وات کرد
لەبەر خاتری خۆشەویستت بۆ وات کرد
لەبەر تاقە براکەی خۆت بۆ وات کرد
ئای بۆوات کرد ، وای بۆوات کرد ، ئاخ بۆوات کرد
بەدەستی خۆت ماڵ ئەمن‌و خۆت خەراپ کرد

ئای گوڵەکەم ، وای گوڵەکەم ، بۆن خۆشەکەم
پاشی باڵاکەی تۆ دڵ بەکێ خۆش کەم
مەکەن مەنعی دوو چاوی پڕ لە ئاوم
بەدەستی قەومو خوێش من دڵ شکاوم
لە دنیادا بە مەرگت تاکو ماوم
خوێناو دێ لە دڵ و جەرگو هەناوم
ئای غەریبم ، وای غەریبم ، ئای غەریبم
سووتا جەرگم لە دەستم چوو حەبیبم
زریغـا حەسرەتا ئەز زیندەگانی
نەچیدی گوڵزو گوڵزاری جەوانی
بەسەد حەسرەت بەزیری خاکرەستی
نەدیدی تەختو بەختی کامەرانی
ئای نەدیدەم ، وای نەدیدەم ، یاری جانم
خودا هافیز دیـــاری میهرەبانم

## پــیری مەیخانـــــە [١]

ووتنی : مـامـلێ . . . . . . . . . . . هۆنراوە : وەفـایی

ئەرێ ئەی بەزوڵفـو ڕوخسار صەنەمی چین ماهتابم
دەمەکەو خەندەکەو نیگاهت نمەکو مەزەی شەرابم
من لەبەر نیگاهت بمرم ، تۆ سەرو غەمزەکەی جەلابم
بلێ‌پێم : گوڵەکەی بەهاری : لەتۆ تابەکەی جودابم
وەرەوە ، بەشەرطی ، ڕۆژی صەد جارت فیدا بم
لە وێرانەی دڵی شێواوم شیوەنو واوەیلاو ڕۆڕۆ
ئاورێك بەربۆتە هەناوم دێتە دەر لە هەناسەم بۆ سۆ
بوومە ئەفسانەی وولاتان : شار بەشار ، ماڵ بەماڵ ، کۆبەکۆ
خاڵی چاوت گۆشەی ئەبرۆ ، دوو دینیان کردم لەسەرتۆ
یا بمکە پیری مەیخانە ، یا مووریدی خانەقا بم
عاشق وادەبێ بەهەموو دەم : چاو پڕ ئاو ، دڵ براو ، مەحزون
پێی هەوای بشکێ ، پێی نەمێنێ غەیری هۆ لەدەروونو بیروون
خاکی ڕێی دوابەری وەبزانێ سورمەیە بۆ چاوی پڕخوون
سەگەکەی‌ڕێبازی لەیلێ وەرە سەر دووچاوی مەجنوون
دونیام ئەو ڕۆژە لێ ڕوونە خاکی بەرپێی ئاشنا بم

---

[١] دیوانی وەفـایی ـ میرزا عەبدوڕەحیمی سابلاخی ـ ١٩٧٨ ـ لاپەڕە ٤٨ ـ ٤٩ .

# بلوێــری شــوان [١]

ووتنی : مامڵێ

هۆنراوه : هێمن

نیوه شەوه دنیا خامۆش
دێته گوێم ئاهەنگێکی خۆش

ئاهەنگێکی گیان پەروەره
شادی هێنه ، خەفەت بەره

ئاهەنگێکی دڵ نەوازه
تاره ؟ یۆڵۆنه ؟ یا سازه ؟

نا . نا . ئاهەنگی بلوێره
جا وەره گوێ بۆ ڕادێره

هەزار خۆزگەم بەخۆت شوانه
کە بەو مانگە شەوه جوانه

دانیشتووی لەڕژدو هەڵدێر
پەنجە دەبزێوی لە بلوێر

---

[١] تاریك و ڕوون ـ هێمن ـ ١٩٧٤ ـ لاپەڕه ـ ٨٩ ، ٩٠

دەگەل تەبیعەت هاودەمی
شادی ، بەکەیفی ، بێ خەمی
ئاغاش بە نۆکەر ناگری
وەك من لە داخا نامری
وەرە شوانە هەموو شەوێ
نیوە شەوێ ، کاتی خەوێ
لەو کێوو نواڵە زەنوێرە
تێ توورێنە لەو بلوێرە
لەسەر ترۆپکی ئەو کێوە
پەنجە لە بلوێر بجزێوە
با کێوەکە دەنگ داتەوە
شاعیریش خەو بیبـاتـەوە

# گوڵــــەکەم [١]

وتنی : مامڵێ . . . . . . . . . . هۆنراوە : وەفایی

گوڵەکەم دەڵێن : ئەوا دێ هەموو وەختێ چاوە چاوم
ئەی خودا تۆ بڵێی وەها بێ بێتەوە ڕوونایی چاوم ! ؟
سەبەبی زوڵفی شێواوە حوسنی ڕوو مەدەدی پێ داوە
من کەوا ڕۆژم بۆتە شەو کەبە ڕۆژی ڕەش داماوم
تا بزانن تۆ گوڵزاری ڕۆستەمی سەری جۆیباری
بەخەندە هاتی بەخێر بێی قەدەمت سەر دوو چاوم
خوێنی من بەگەردەنی زوڵفت بە ئیشارەی چاوەکانت
من ئەگەر شکاوە پشتم ، من ئەگەر جگەر بڕاوم
بەسەری خەدەنگی نازت جگەری بڕیم چاوی بازت
بە ئومێدی نازێکی ویم ئەگینا ئەمن نەماوم
ئەی شەماڵ ، ئەی شیفای نەساغان وەرە تۆبیو خاڵی ڕووی یار
بەگوڵو وەنەوشەی باغان بگەیێنە دۆعاو سڵاوم

---

[١] دیوانی وەفایی - میرزا عەبدوڕەحیمی سابڵاخی - ١٩٧٨ - لاپەڕە - ٧٠ ، ٧١

# سوپــاس

* پڕ بــە دڵ سوپاسی ئەم برادەرانە ئەکەم کە بەپێی توانــا یارمەتیان دام بۆ چاپ کردنی ئەم نامیلکەیە [ ڕەشاد حسێن حسێن مەجید ، نـەوزاد قادر سەعید ، مامۆستا عطا قەزاز ، خوشکی دڵسۆزم (سەرگوڵ خان) ] هیوادارم وێنەیان زۆربێت

* ڕێزو سوپاسم بۆ هونەرمەندی لاو ( عومەر چاوشین ) کە وێنەی بەرگەکەی بۆ کێشام .

* سوپاسێکی بێ‌پایانی کرێکارانی چاپخانەی کامەرانی ئەکەم کە بەزوویی بەرهەمەکەیان بۆ ڕاپەڕاندم .

---

تکایە ئەم هەڵانە ڕاست بکەرەوە

* دێڕی سێیەم لاپەڕە (٤) نووسـراوە ( بەوانەی کەئەبنە ژیـانی شیرین ) ڕاستیەکەی ( بەوانەی کەئەبنە نموونەی ژیانی شیرین ) .

* دێڕی چوارەم لاپەڕە (٤) نووسراوە [ بـەو گەلـەی کە ڕۆژی لێوە هەڵدێت ] ، ڕاستیەکەی [بەو گەلەی کە ڕۆژی لێوەهەڵدێت]



## نووسەر لە چەند دێڕێك دا

• لە گەڕەکی ( بەرکێو ) لە ( پێنجوێن ) ساڵی ( ١٩٥٧ ) ی زایینی هاتوومەتە دنیاوە .

* ئێستا مامۆستام لـــە ( دەربەندیخان ) لە پارێزگای سلێمانی .

لەسەر ئەرکی ( شێخ ئەنوەر ) خاوەنی کتێبخانەی ( شانۆ )
لـــە چاپ دراوە

٩٧٩/٧/١٠ ـ ٢٠٠٠/١٣٨

**رقم الايداع فی المكتبة الوطنية ببغداد ( ٩٤٨ ) ١٩٧٩**

**نرخی ( ٢٥٠ ) فلسە**